# چارۆکەکەم بگەڕێننەوە، ئەگەر هێندەی ئەم دارانە مەڕوماڵاتم هەبووایە، ئەوا لە نێوانتان دابەشم دەکرد، وپاشان نابینن کە من ڕەزیل یان درۆزن یان ترسنۆک بم

لە جوبەیری کوڕی موتعیمەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: کاتێک لەگەڵ پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ڕێی دەکرد لە کاتی گەڕانەوەیان لە جەنگی حونەین، ئەعرابیەکان وەستاندیان وداوایان لێیکرد، هەتا گەیشتنە لای دارێک، وچارۆکەکەیان* برد، پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: «چارۆکەکەم بگەڕێننەوە، ئەگەر هێندەی ئەم دارانە مەڕوماڵاتم هەبووایە، ئەوا لە نێوانتان دابەشم دەکرد، وپاشان نابینن کە من ڕەزیل یان درۆزن یان ترسنۆک بم». *(چارۆکە: واتا وەکو بشت وعابا وایە لەسەرەوەی جلەکان لەبەر دەکرێت)
[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

کاتێک پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- لە جەنگی حونەین گەڕایەوە، کە ئەمیش دۆڵێکە لە نێوان مەککە وتائیف، وجوبەیری کوڕی موتعیمی لەگەڵدا بوو -ڕەزای خوای لێبێت-، خەڵکی وەستاندیان وداوای مەڕوماڵاتیان لێیکرد، هەتا گەیشتنە لای دارێکی دڕکاوی لە دەشتاییەکدا، وجلەکەی گیرخوارد بە دڕکی دارەکەوە، وئەعرابیەکان جلەکەیان ڕاکێشا وبردیان، پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: چارۆکەکەم* بگەڕێننەوە؛ ئەگەر هێندەی ئەم دارە دڕکاوییانە مەڕوماڵاتم هەبووایە ئەوا لە نێوان ئێوە دابەشم دەکرد، پاشان فەرمووی: ونابینن کە من ڕەزیل یان درۆزن یان ترسنۆک بم. *(چارۆکە: واتا وەکو بشت وعابا وایە لەسەرەوەی جلەکان لەبەر دەکرێت)

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5790

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee